## دوازدەیەم: تیۆری سەوز و پرسی ئاسایش

تیۆری سەوز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا نوێترین تیۆرە کە پەیوەستە بە ژینگەی نێودەوڵەتی. بابەتەکانی پەیوەندیدار بە ژینگە هەرگیز بەبایەخەوە سەیرنەکراون لە سیستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. زیادبوونی کێشەکانی ژینگە بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە سەریهەڵدا، هەربۆیە هەماهەنگی ژینگەی نێودەوڵەتی زیادی کرد کە سەرنجی سەرەکی خستە سەرگرنگی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان بەشێوەیەکی زانستی وەکو زەریاکان و هەوا. لە ڕوانگەی ئەوەی کە چالاکییەکانی مرۆڤ هۆکاربوونە بۆدروستکردنی مەترسی لەسەرژینگەدا، ئەمەش وایکردوە ئاسایشی نەتەوەیی، وەکو ئاسایشی خۆراك، ژینگە و هەوا ببێتە گەورەترین هەڕەشە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا. واتا قەیرانی ژینگە لە کۆتایی سەدەی بیستەم بوو بە پرسێکی گرنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. (See: Mathew Patterson, 2005: Pp. 235-254).

ئەو دەوڵەتانەی کە بازرگانی بە سەرچاوە سرووشتییەکان دەکەن و بواری کردنەوەی ڕێگا بۆ بەکارهێنانیان و خراپ بەکارهێنانیان خۆشدەکەن ئەوا مەترسی سەرەکی دێننە ئاراوە بۆ ئاسایشی ژینگە، بە تایبەتی دەوڵەتە زلهێزەکان و ئەوانەی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین، وەکو بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمەریکا. ئەگەر هەریەك لەمانە تەنها پشت بە سەرچاوە ناوخۆییەکانی خۆیان بەستابا، نەدەبوونە ئەم زلهێزانەی کە ئێستا هەژموونیان هەیە بەسەرجیهان. (Barry John, 1996: 122).

تیۆری سەوز وەکو هێزێکی سەرەکی سیاسی دەرکەوت لەچەندین دەوڵەت لە ناوەڕاستی حەفتاکان و ساڵانی دواتر و بەشێکی زۆری نووسینەکان لەسەر تیۆری سەوز و پراکتیزەکردنی بزووتنەوە سەوزەکان پەیوەستن بە شیکارکردنی گۆڕانکارییەکانی سیاسیی جیهانی. مەبەستی سەرەکی ئەم تیۆرییە دۆزینەوەی چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ کێشەی ژینگە نییە، بەڵکو دۆزینەوەی ستراتیجییەتێکە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی مامەڵەی دروستی تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ ژینگە.(Shepard, 1993: 63).

ڕەگ و ڕیشەی تیۆری سەوز دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەم، کاتێك ئابووری جیهان دەستیکرد بە بووژانەوە و تەکنەلۆجیا ڕۆڵی لە گۆڕانە خێراکانی سەردەم پەیدا کرد، کە ئەمەش لەسەر حسابی بەکارهێنانی وزەیەکی زۆربوو کە سەرەنجام ڕێگای خۆشکرد بۆ پیسبوونی ژینگە.(. ( Worster D, 1994: 28 لەساڵانی هەشتاکان، تیۆری سەوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا بۆ ئەوەی کە پشتیوانی ئەو نیگەرانیانە بکات کە پیشاندەران لەلایەن بزووتنەوە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگاکان دژی پیسبوونی ژینگە، کە دواتر بە سیاسەتی سەوز (Green Politics) ناسران. ئەو بزووتنەوە ناوخۆیانە

دواتر یەکیان گرت و پارتی سیاسیان پێکهێنا لەسەر ئاستێکی ناوخۆیی، نەتەوەیی و هەرێمی، کە بەشی زۆریان لە ئەوروپا بوو لەسەرچواربنەما کە بریتین لە:

ا- بەرپرسیارەتی ژینگەیی. ب- دادپەروەری کۆمەڵایەتی. ج- نەبوونی توندووتیژی. د- دیموکراسی ڕیشەیی.

تیۆری سەوز دابەش دەبێت بەسەردوو بنچینەی سەرەکی کە یەکەمیان بریتییە لە ڕوانگەی نۆرماتیڤ (Normative Approach) کە پەیوەستە بە پرسەکانی وەك دەوڵەت، دادپەروەری، ماف و ژینگە. دووەمیان بریتییە لە سیاسەت، کە ئەمەیان سەرنج دەخاتە سەرتێگەیشتنی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئابووری وژینگە. هەرچەندە سەوزەکان ڕەتیدەکەنەوە کە سەرمەشقی پێشکەوتنن و تاکە لایەنن کە بەهای ئەخلاقیان هەیە. بەڵام لەسەرئەوە هاوڕان کە دەبێت ڕێزبگیرێت لە هەموو زیندەوەرەکان بەپێی جیاوازی شێوازەکانی ژیان و تەنها نابێت بەها بۆ مرۆڤ دابنرێت.(١٩٩٣: Saward, pp. 63-81 Michael).

بۆیە زانایەکی وەکو"مایکل ساوارد" پێیوایە لە بەردەوامی پیسبوونی ژینگە ئەگەری ئەوە هەیە پێکدادان ڕووبدات لەنێوان لایەنەکانی بەشدارلە قەیرانی ژینگە. "ساوارد" بڕوای وایە بۆچارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم قەیرانە پێویستی بە پێشکەوتنی ئابووری هەیە بەبێ بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان. ئەم جۆرە پێشکەوتنەش کە پێویستی بە وزەی مرۆڤەکانە نەك سەرچاوە سروشتییەکان. بۆیە ئەم جۆرە کارە پێویستی بە قوربانی هەیە لەلایەن نەوەکانی ئێستا بۆ نموونە کەمکردنەوەی ئۆتۆمۆبیل، سنوردارکردنی فراوانبوونی ئابووری و دەستێوەردان لە کاروباری بازاڕ، بەڵام ئەمە زۆرئەستەمە قبوڵ بکرێت نەك لەسیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەوخۆ تەنانەت لە لیبڕاڵ دیموکراسیش دا. ساوارد باوەڕی وایە کە دەوڵەتی لیبڕاڵی هەرگیز ناتوانێت ژیانێکی باشی سەوز بۆ هاوڵاتیەکانی خۆی دابین بکات. ( See: Saward, 1993: Pp. 63-81).

بەڵام لە ڕوانگەی زانایەکی سەوزەکان بە ناوی دۆبسۆن (Dobson) جیاوازی هەیە لەنێوان سیاسەتی سەوز و ژینگە بەشێوەیەك کە لایەنگرانی ژینگە قبوڵی ئەوە دەکەن کە چوارچێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کار دەکەن بۆ کۆتاپێهێنان بە کێشە ژینگەییەکان لەم چوارچێوانەدا، بەڵام سەوزەکان پێیانوایە ئەم چوارچێوانە هۆکاری سەرەکین بۆ قەیرانە ژینگەییەکان بۆیە دەبێت هەموویان بەربەرەکانی بکرێن و لەم ڕووەوە ڕۆڵیان لاوازبکرێت. (Dobson, 1990: 206). لەم ڕوانگەیەوە دەبینین بیرمەندیك بەناوی ئێکەرسلی((Eckercely پێیوایە کە کارەکتەری سەرەکی بۆ پێناسەکردنی ئەم تیۆرییە بریتییە لە ئیکۆسەنتریزم (Ecocentrism)، بەو واتایەی مافەکانی مرۆڤ هیچی زۆرتر نییە لە مافی بوونەوەرەکانی تری سەرزەوی. خودی ئەم چەمکەش بە هەموو شێوەیەك

ڕەتدەکرێتەوە لەلایەن ئەنترۆپۆسەنتریك (anthropocentric) واتا دانانی مرۆڤ وەکو گرنگترین ڕەگەزی بوون و دژایەتی کردنی هەموو زیندەوەرەکانی تر. سەرەڕای ڕەتکردنەوەی ئەنترۆپۆسەنتریك، بۆ ڕەواندنەوەی مەترسییەکان لەسەر ئاسایشی خۆراك و هەوا و ژینگە، تیۆری سیاسی سەوز داوای سنووردارکردنی گەشەسەندنی ئابووری بەشێوەکی فراوان دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانە ژینگەییەکان. بۆیە سەوزەکان پێیانوایە کە پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆجیا و ئابووری لە سەردەمی جیهانگیریدا پێشکەوتووترە لە دوو سەدەی ڕابردوودا و بوونەتە سەنتەری زیادبونی پیسبوونی ژینگە. لەم بوارەدا، یەکێك لە گرنگترین کۆنفرانسەکان "لووتکەی زەوی"یە کە لە ساڵی ١٩٩١ بەسترا وەکو سەرکەوتووترین کۆنفرانس بۆ ڕزگارکردنی زەوی و ژینگە کە سیاسەتمەدارانی هاندا بۆ ئەوەی گرنگی بدەن بە چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی ژینگە و ئاسایشی مرۆیی. (Doran, 1993: pp. 56-59).

لایەنگرانی تیۆری سەوز پێیانوایە کە پێویستە پشت ببەسترێت بە سروشتی کێشە ژینگەییەکان و دەبێت گۆڕانکاری سەرەکی کۆمەڵایەتی ئەنجامبدرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. بۆیە بەڵگەی ئەم بیرمەندانەی تیۆری سەوز ئەوەیە کە بەتەنها ناتوانرێت پشت ببەسترێت بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو، هەم کۆمەڵگا، هەم دەوڵەت هاوکاربن لە چارەسەرکردنی کێشەی ژینگەییەکان چونکە کێشەکانی ژینگە کێشەگەلێکی فرەرەهەندن و چارەسەرکردنیان پێویستی بە هەموو مرۆڤەکان هەیە. یەکێك لەڕێکارە سەرەکییەکان بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی قەیرانی پیسبوونی ژینگە و مەترسییەکان لەسەرکۆمەڵەی مرۆیی و نامرۆییەکان، دانانی سنوورە بۆ فراوانبوونی کۆمەڵگا مرۆییەکان، ئەم بیرۆکەیە بۆیەکەم جار خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە لەلایەن میادۆس ((Meadows, 1972 لە پەرتووکی "سنووردانان بۆ فراوانبوون" (Limits to Growth) کە تێیدا باس لەوەدەکات کە فراوانبوونە ئابووری وکۆمەڵایەتییەکان هاوتەریب لەگەڵ یەکتر دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی زنجیرەیەك قەیران، چونکە پێداویستییەکانی بەکاربردن بەشێوەیەکی بەرفراوان زیاد دەکەن، کە ئەمەش لەسەر حسابی سەرچاوەکانە بۆ ئەوەی خەڵك تێربکرێن یاخود کەرەستەی خاو دابین بکرێت لەجیهانی ئەمڕۆی پیشەسازی دا. بەپێی پێشبینیەکانی نووسەر، ئەگەر چارەسەری پێویست بۆ ئەم قەیرانە ژینگەییە نەدۆزرێتە، مرۆڤایەتی تووشی کارەساتی گەورەی ژینگەیی و سروشتی دەبێت لە ١٠٠ ساڵی داهاتوودا، (Meadows, 1972: 151).

تایبەتمەندییەکی تری سەوزەکان ئەوەیە کە سیستەمی نێودەوڵەتی ڕەتدەکەنەوە و پێیانوایە کە سیستەمی نێودەوڵەتی پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە، یان بەشێوەیەکی تر داوای نامەرکەزیەت ((decentralization دەکەن. ئۆڕیۆردان (O'Riordan) باس لەوەدەکات کە دەوڵەتانی نەتەوە

(nation-states) یان زۆرگەورەن یان زۆربچوکن بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی کارامە مامەڵە بکەن لەگەڵ گەشەسەندنی ئابووری جێگیر و بەردەوام ((Sustainability، پێکهاتەی نوێی هەرێمی و نێودەوڵەتی پێویستە، هاوتەریب لەگەڵ بەنامەرکەزیەتکردنی دەوڵەت بۆ ئەوەی بتوانن دەرئەنجامی ئەرێنی لەگەڵ خۆیان بێنن. لێکدانەوەی دووەم کە زۆرباو بوو، لە ساڵانی حەفتاکان بەڵام پاشان بایەخی کەمکرایەوە لە ساڵانی هەشتاکان، چەمکی نامەرکەزیەتکردنی تاکرەوی (decentralized authoritarianism) بوو. ئەم بیرۆکەیە درێژەی ڕا و بۆچوونەکانی"گاریت هاردین"ە کە پێشنیاری ئەوەی کردبوو کە ئەو سەرچاوانەی هەڵدەگیرێن و کەم بەکاردەهێنرێت ئەوا لە کۆتاییدا، زیاد لە پێویست بەکاردەهێنرێت، بۆیە ئەم بیرۆکانە بوون بە بنەمای ئەو گفتوگۆیەی کە بەنامەرکەزیەتکردنی سیاسەتی جیهانی پێویستە بۆ درووستکردنی گۆڕانکاری لە مامەڵەی دەوڵەتان بۆ بەدەستخستنی گەشەسەندنی ئابووری. (Hardin, 1968: 168).

یەکێك لە باشترین چارەسەریەکان بۆ قەیرانی ژینگە و رزگارکردنی دەوڵەت، بەپێی ڕوانگەی "ئۆرپێوردان" چارەسەری ئەنارشیستییە (anarchist solution). بەم مانایە، سەوزەکان بەشێوەیەکی گشتی کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم ڕێگایە باشترین لێکدانەوەی دەرهاوێشتەکانی سیاسەتی سنووردارکردنی گەشەسەندنی بازنەی ئابوورییە. لەم چوارچێوە تیۆرییەدا، ئەنارشیست(anarchist) بەمانای ئەوە دێت کە سەوزەکان پێشبینی دروستبوونی تۆڕی نێودەوڵەتی کۆمەڵگا قەبارە بچووك و پشتبەخۆبەستووەکان دەکات. ئەم بیرۆکەیە دەتوانرێت وابەستە بکرێت بە کەسانی وەکو شوماخەر (E. F. Schumacher) و بایۆریجنالیستەکان ((bioregionalists، واتا لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت چالاکیەکانی مرۆڤ دەبێت لە نێو چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی خۆیان بێت، کە هەمان ڕای ئەوەی هەیە کە چالاکییە ژینگەیەکان نابێت لەسەرئاستی نێودەوڵەتی بێت، بەڵکو تەنها لەنێو کۆمەڵگا قەبارە بچووکەکان بێت، بەڵام ئەگەر بڕیار بێت لەگەڵ گەلانی تریش هەماهەنگی بکەن، ئەوە نابێت میللەتانێك بن کە بەکاربەری سەرەکی کانزاکان بن. (Bookchin, 1982: pp. 46-47).

یەکێك لە بەهێزترین پشتگیرییەکان بۆ نامەرکەزیەتکردن، لەلایەن جۆن دریزێك ((John Dryzekەوە پێشنیارکراوە کە دەڵێت، کۆمەڵگا قەبارە بچووکەکان زیاتر سوود دەگەیەنن بە ژینگە و خێراتر توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەرهەڕەشەیەکیان هەیە کە دەکرێتە سەرژینگەیان ((Dryzek, 1987: 661. بۆیە "باری جۆن" پێیوایەکە بازرگانی چڕ لە نێوان دەوڵەتاندا کە پشت بەیەکتر دەبەستن، لەلایەك سەربەخۆی لەناودەبات، لەلایەکی تر هەڕەشە دروست دەکات لەسەر ئاسایشی ئابووری، ئەمەش وایکردوە کە سەوزەکان دژی بازرگانی نێودەوڵەتی بن. (See: Barry John, 1996: pp. 247-270). بە

واتایەکی تر، ئەگەرهەرنەتەوەیەك لەخەمی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی خۆیدا بێت، ئەوا دەبێت کانزا و دەستی کاری ناوخۆیی خۆی بەکاربهێنێت بۆ خۆراك و کەلوپەل دروستکردن و بنیاتنان و بگرە جلوبەرگیش، بۆ ئەوەی ئازادبن وپشت بەلایەنی ترنەبەستن.